# وەرزی بێ تاقەتی

**سۆران مامە حەمە .**
**کەرکوک**

کاژی مار..
نیشانەی لەدایکبوونی
قومارچییەکی مناڵبازە
بەدەر لە قاپووتەکەی بەری..
من بۆیە عاشقی پەپوولە
بووم..
دەمزانی دڵی نییە تا خراپەو
ناشرینییەکانی
پەنجەرە بەڕووی گوڵی ناو
ئینجانەکاندا
بی تۆرێنیّ..
کیّ رازییە..؟
بە بینینی وێنەی هاودژەکەی
لە ئاوێنەی خۆیدا
کیّ پەپوولەی دەناسی؟
گەر چەپە ڕنەی گوڵەکان
نەبوایە بۆ یارە
پەشیمانەکانمان..
ئەو.. جیهانێکی هەبوو
بێدەنگی شەرمەزار بە چپەی
ڕۆندکەکانی
لێوی منو کلیلی جەللادو
تاشەبەردی روومەتی کەوانی
تۆ لە ماڵێکدا ئۆقرە ناگرن
پچڕاندنی دارلاسیکی
خۆشەویستی
لە گەڕەکی شووشە سورەکاندا
واتای کوشتنی وەرزی مناڵیمە
دروستکردنی پەرژینی
باخچەکان بە کەللەسەری
پەپوولە
واتای لە دایکبوونی ئەهریمەنە
بۆیە من لێرەوە سوجدە بۆ
شیعری ئەو شاعیرە دا دەدەم
چونکە ئەو ووتی: "وەرینی
هەموو گوڵیّ..
هاتنی پایز نییە"
گوێگرتن لە شەپۆلی تینوێتیو..
تەماشاکردنی ڕەشبەڵەکی تەرزە
بارانو..
خانە خوێی ئێوە لە ماڵی میوانی
ئێمەدا..
ملکەچی نییە
بۆ پاکی ووتارە بیّ تامەکانی
ئەوان
بەلیّ..
بیر لە کەسی چوارەمی کۆ
دەکەمەوە
بەر لەوەی..
تاکەکان لەدەست بدەین
ئەهریمەنەکان زادەی
خراپجووتبوونی..
پەپوولەیە..
دڕکەکان
لە ناسکی وەرینی گوڵەکانەوە
ئەتروکێن
دە باوەشم پیامەکە
پەپوولەیەکم لە دۆزەخەوە
هاتووم بۆنی سەربڕینی وەرزو
بەشداری پرسەی جوانی بکەم
راستی جوانییە
بەڵام هەموو جوانییەك راستی
نییەو
درۆش زانستێکە
سیاسەتی ووشە لەسەر پەتی
گومان یەکالا دەکاتەوە
منیش هاتووم درۆیەك بکەم
بلێم: ژیان حەرامە بۆ ئەو
دەللاقانەی ناکرێنەوە
بەڕووی تریفەی تەنیاییو
لاولاوی غوربەتدا..
بلێم: گوشینی دڵی شەقامە
رووزەردەکان
کفرە.. بە پیاسەیەکی
شەقاوانی منو تۆ
شێر هەمیشەپێچەوانەی خەت
دەنوێنیّ
وەرە با واز لە خۆمان بێنین
واتا لە درۆ
با ژیان ناشرینکەین، ئەگەر
بەدرۆوە جوانە
وەرە با درۆ لەگەلّ خۆمان
بکەین
لە پێناوی نەزیف نەبوونی ئەم
باخچەیەو
لەبارنەچوونی بێدەنگی
بەدەست ئەو پێن کرۆشانەی..
سێوو ئادەمیان زویرکرد
بەسە چی دی گولّ بە
باخەکەوە نەما
ئەم قارە تاکەی؟
تەنافێکمان لە بێدەسەڵاتی
هەڵواسی
فەنتازیای کەللەپوری
پەلکەزێڕینەی ووشەکانمان پیّ
دەخنکان
ئاتەشگەی سەرفرازی پڕە لە
سێبەری پەیکەری
وونبوونی دۆزەخ
وای.. لەدارێك دەچین
گەلامان سەربۆ وەیشوومەی
پایزیش نەوی نەکا
جگە لە خۆمان
ئاخر گەنیووی عەقڵە لە
مێشکی تەپیوی مندا
وا باخچەی ساواکان
پڕ دەکەم لە پیرە
پەپوولە..!!
زروانی* تەمتومانی
"ژیاو"*ەکانی ئێمەیە
وا لە دووکانێکی لەشفرۆشیدا
ئەشیّ لە شەوێکدا
چەند جارێك دەستگیرانەکەی
خۆت
وەك جلکە کۆنێك ئەمدیو
ئەودیو بکەی
خەیالّ پلاوی کانارییەکانە
لە قەپالّی پشیلە دان
کەوتووەکان ڕادەکەن
ئەم چەشنە میکرۆبانە
ڕادووی پەپوولە کەوتوون..
وان لە کۆلان بە کۆلانی شاری
گوێچکەماندا
مالّ.. بە مالّمان شارەزان
بۆیە گولّ لە پەپوولەکانو
ئەوانیش لە سروشتو نیگا
بێزارن
وای لەم وەرزە تابوتییە..
وەرزی تار بوونی عەشقێك
بە فیکە فیکی جوانبازێك
ئەگینا گەردون
تابلۆیەکی بیّ گوناهە
لەگەلەری مرۆکاندا
رقم لەو نیشتمانەشە کە خۆری
تیاکوژا
بەهۆی یاخیبوونی عەقڵەوە
مرۆ گەلێك..
وەکو بایسکیل سواری ویژدانیان
بوون دۆگماترین بە قالێکن
چۆلەکەی بنگوێسە بانەکەی خۆمان
بە رووتکراوەیی پیّ دەفرۆشنەوە
ئەم ئاسمانەشین ئەکاتەوە
نەك لەبەر ئەوەی بیّ گەردە
بەڵکو زەوی دەستی ناوەتە
بیناقاقایو..!!
دەیەویّ باران راونیّ
گەرووی هەورە تریشقە بنووسێنیّ
چ سەیرێکە خزوی دەم..
ناکاو.. ناکاو دەکرێتەوە
بەڵام ووشەکان دەترسن!
دەلێن: گەمژەیی شاعیرەکانە
بەدیار چرای هەڵبەستێکەوە
وەسفی پەروینی پەپوولە
دەنووسن ئەو پەیڤانە بشکێنە
کە نووسراوە
پەپوولەیەك ئەهریمەنی دەبیّ"
تازە بوویەتی.. مەگەر ئێمە
بفرین
نەك خزانی گۆچانی دەستی
پەیامهێنەرێك
ئەم مانشێتە درۆیە..
بیسرڕنەوە..!!
بەرد چۆن بە ئاوسکی پڕ
دەبێت؟
پەسین* کەی بەبیّ دەنگی
ئاسودە دەبێت؟
قیبلە بەچی ئەتك ئەکریّ؟
ئەگەر وەرزی بیّ تاقەتی
نەبیّ..
مرۆڤ هەرچەندە گەورە بێت
عەشق بچوكو زەلیلی دەکات
بەڵام نەمدیوە..
پەپوولە عاشقی ئەهریمەن
بیّ!!
جگە لە باخچەکەی
ئێمەدانەبێت.


سۆران مامە حەمە

# بۆتۆیەک

*ئەدرەست لای هەموان چی هیشتووەو کەسیشمان ناترۆزینەوە ..*

**تارا عومەر**

هەموو جارێك بەخۆم دەڵیم:
خۆت رابینە لەسەر
خویندنەوەی
ئەو سکونەتەی بەتەم
لەئاوەدانی نووسراوە ..
پەنجەرەیەك کە قەدری
چاوەڕوانی دەزانیت
بەروانینە وەهمییەکانی دلی
کەسی مەگۆڕەوە ..
خۆت رابینە لەگەل ئەو
پاسارییانەی
لە بی بالیدا خەو بەهاورییەتی
ئەستیرەوە دەبینن و
لەگەل هەورە تاریکەکاندا
ئاوازی دەنگە کان دەگۆڕنەوە
لەبیرمدا نییە چەندیکە
لەسەر بەرمالی ئەم سوبحە
دوعا بۆ کاول بوونی ئاوابوون
دەکەم ..
بۆ ئەو خۆرەی لە ون بووندا
ئەمەلی گەرانەوەی
وننەکردووە ..
ئەی ئەو بالندەیەی هەمیشە
لەبەردەم پەنجەرەی
بیتاقەتیمەوە رەت دەبیو
پرسیاری قەفەزو عومری
ئاسودەیی دەکەیت ..
بەئەندازەی ئارامی وەلامی
تاریکیم هەیە
وەختی گولو سیبەرو ئاوینە
دەکەونە بەر یەك تەماشا ..
لە تۆ داوا دەکەم .. چی
بکەم؟ ..



## چەمکی خۆشەویستی و
# خویندنەوەیەکی سۆسیۆلۆجی بۆی

**دلیر محمد**
**زانکۆی سەلاحەدیین**

لە ماشینی ژیانی هەموو مرۆڤیکدا، دوو کاراکتەری چالاك و ئەکتیڤ پانتایی لاپەرەی یەکەممان داگیردەکات، خالی دەستپیکردنی هەنگاوەکانی ژیان و ژیاری ستاتیکا و مامەلەی خۆشبەختیەکانیش فۆرم دەکات، بۆیە دەلیم دوو کاراکتەر، یەکیکیان مەبەستم لەو خۆشەویستییەی، کەروحی بابەتەکە پیکدەهینیت، بەلام کاراکتەری دووەمیان کەمەبەستی منە، ئەوەش چەمکی (پەیوەندی)یە، کەواتە گەر بمانەویت رۆلی هەر مرۆڤیك دیاری بکەین دەبیت بزانین چۆن مامەلە دەکات، بەمانایەکیتر (رۆل) بۆ ئەو چەمکە فراوانەی مامەلەو بەریەککەوتنەی مرۆڤ بەکاردیت، کەلە ژیاندا روبەرووی دەبیتەوە، پەیوەندی مرۆڤ بەگشتی سی جۆرن، پەیوەندی لەگەل جیهانی نادیار پەیوەندی لەگەل خودا بەهەموو دەربرینە جیاوازەکانەوە، هەروەها پەیوەندی لەگەل سروشت و دەوروبەر، (سروشت بەمانای ئەو رووداو و پیشهاتانەی کەروبەرووی مرۆڤ دەبیتەوە لەکاتی میکانیزمی جیبەجیکردنی پیداویستییە هەنووکەییەکانی ژیان) هەروەها پەیوەندی لەگەل خودی مرۆڤدا، گومان لەوەدا نییە کەچەمکی پەیوەندی زۆر فراوان و پەلوپۆدارە، نامەویت لیرەدا بەشاخ و گویوە شیتەلکاری بۆ بکەم، بەلکو دەچمە سەر لقیکی تایبەت کە بونیادی بابەتەکەی لەسەر دروستدەکەم، ئەویش پەیوەندی مرۆڤە بە مرۆڤەوە، لیرەدا جیی خۆیەتی پەیوەندی هەم وەك چەمکو هەم وەك زاراوە بناسینین، زاراوەی پەیوەندی بوونی دوو جەمسەرمان بۆ دەسەلمینیت، کەوەك یەکن و لە هەمانکاتدا جودان، بەمانایەکیتر دەتوانین بلیین: تەواوکەری یەکترین، رایەلی پیکبەستنی نیوان ئەم دوو جەمسەرەش پەیوەندییە، گرنگترین شت ئەوەیە ئیمە ئازادبوونی ئەم دوو جەمسەرە رابگرین، واتا لەمامەلەو بریارو دەسپیك و کۆتایی پیهیناندا ئازادبوون مەرجی سەرەکییە بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندییەکە وەك بەهاو بوونی راستەقینەی خۆی بناسین، ئەگەر وانەبوو ئەوا دەتوانیین هەرناویکیتری لیبنەیین، وەك ملکەچ بوون، توانەوەو چەندانیتر کەخۆی خالیبونەوەیە لە بەهاو مانای خۆی، پاشان دەبیت خالی جەوهەری رووداوی پەیوەندی دەستنیشان بکەین، لەوانە دەبیت پەیوەندی گۆران بخولقینیت لە نیوان ئەو دوو جەمسەرەدا گۆرانیش ببیتە پانتاییەك، خۆ دروستکردن ببیتە وزەیەك بۆ خۆتازەکردنەوە، لیرەوە ئەو ریگایە فۆرمەلە دەکات بۆ بەردەوامیدان بەژیانیکی مرۆڤ دۆستانەی ئەخلاقییانە، دەبیت خالیکیتر ئامارە پیبکەین ئەویش ئایا پەیوەندی لەسەر چ بنەمایەك دادەمەزریت؟ بیگومان ئەمەش جیاوازە وەك چۆن جۆری پەیوەندییەکان جیاوازبوو، بۆ نمونە پەیوەندی نیوان مرۆڤ و ئاژەل لەسەر بنەمای دەستەمۆکردن و پەیوەندی نیوان مرۆڤ و سروشت، لەسەر بنەمای سوود و قازانج، و پەیوەندی نیوان مرۆڤ و خودا لەسەر بنەمای باوەرهینان و ملکەچ بوون، یەکیکیش لەوانە پەیوەندی نیوان مرۆڤ و مرۆڤە، ئەمییان فراوانترە دەشیت فاکتەرو بنەمای زۆر لەخۆبگریت، بۆنمونە دەشیت لەسەر بنەمای ملکەچ بوون بیت، وەك ئەوەی لە نیوان دەسەلاتدارو بەردەستەکەیدا روودەدات، دەشیت لەسەر بنەمای سوودو قازانج بیت وەك ئەوەی لە نیوان رەگەزی نیرو میدا روودەدات، دەشیت وەك دەستەمۆبوون و چەندانیتر هەبیت، بەلام ئایە ئەوەی لەنیوان رەگەزی نیرو میدا روودەدات دەبیت لەسەر چ بنەمایەك رووبدات؟ تەنانەت ناوەندی مومارەسەکردنی پەیوەندییەکەش کاریگەری ئەکتیڤی لەسەر دەخولقینیت، بۆ نمونە ئەو پەیوەندییەی لە ناوەندیکی وەك زانکۆدا روودەدات، جیاوازە وەك لەوەی لە خویندنگایەکی ناوەندیدا روودەدات، بۆ؟ چونکە ناوەندی بەر یەککەوتنەکە پانترو فراوانترە وەك لە فەزایەکیشدا بەرجەستە دەبیت کەتاك هەولی خویندنەوەی بەرامبەر دەدات، ئەمەش بیکەمو کورتی نییە، بەمانایەکیتر گەر وردتر بروانین دەبینین چەند لایەنیکیتر خۆیان کوتاوەتە نیو ناوەندەکەوە، کە ئەستەمە بتوانین فەرامۆشیان بکەین لەوانە ئاستی رۆشنبیری، تەمەن، مەبەست و ئامانج، پیداویستی و چەندانیتر کەمایەی هەلوەستەکردنن، لیرەدا دەمەویت بپرسم ئایا پەیوەندی مەرجی روودانی خۆشەویستی یە؟ بەشیوەیەك دەتوانین بلین بەلی، چونکە خۆشەویستی پیکەوە بەستنی دوو روح دوو هەست دوو هزر دوو ئاراستە دوو سەمفۆنیا هەموو ئەمانەش پیویستی بەراگۆرینەوە هەیە، پیویستی بە ژوانی ئازادانە هەیە، پیویستی بە لیکتیگەیشتن و خویندنەوەی کەسایەتی ئەوی تر هەیە، لیرەدا لەوەیە بپرسن ئەوە نییە هەندیك کەس هەربەبینینیك خۆشەویستی و عەشقی یەکیك دەی پیکیت، بەلام لە راستیدا ئەوە پرۆسەی حەزلیکردنە نەك خۆشەویستی، دەتوانم بلیم چالاکترین و سەرەکیترین بنەما کەراستەوخۆ، بەسترابیت بە خۆشەویستییەوە(پەیوەندییە) ئەم پەیوەندییە چۆن دروستبیت و لە چ هەلو مەرجیکدا مومارەسە بکریت گاریگەری بەرچاو لەسەر پرۆسەی خۆشەویستی بەجیدەهیلیت، گرنگە ئەوەش بزانین کەلە چ کات و تەمەنیکدا بەکام هزرو رۆشنبیریەوە و لە ژیر چ کاریگەریەکدا دروست دەبیت و مامەلەی لەسەر دەکریت، هەموو ئەمانەش کاریگەری و خالی سلبی و ئیجابی لەسەر رەوشی خۆشەویستی تۆمار دەکەن.